پۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 8-10-2007 1:34

## کوردستان پۆست، تکا ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەوانی لەمە زیاتر بێحورمەت مەکەن. ڕوونکردنەوەیەک لە گەرمیان حەمەخانەوە بۆ سایتی کوردستان پۆست

بە شێوەیەکی کشتی دیاردەیەکی سەیر لە سایتە کوردیەکاندا بەدی دەکرێت کە بە بێ بەدواداچوون و هەوڵدان بۆ ڕاستی سەرچاوە، هەواڵ و ڕاپۆرت و بابەت بڵاو دەکەنەوە، ئەمەش بۆ خۆی لە دەستدانی ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەونییە.



لە هەموو ئەمانەش ناخۆشترو بێحورمەتانە تر بڵاو کردنەوەی ڕاپۆرت و کۆمەڵێك زانیاری درۆو ناڕاستە کە لە ناو ئەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەدا سایتێك یاخود کەسێك بە ناوی نوسەرێك یان ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوەوە بڵاو دەکاتەوە، نازانم بە چ ویژدان و ئەخلاقێك ئەم کارانە دەکەن.
بەڕاستی شەرمەزارییە بێ ئەوەی کە من ئاگام لە وەها هەواڵێك بێت بە ناوی منەوە لە سایتی کوردستان پۆستدا هەواڵك بڵاو کراوەتەوە بە ناونیشانی (کارە قیزەونەکانی پولیسی گەرمیان لە تبج) .
لەو هەواڵە هەڵبەستراوو پڕ لە ناڕاستییەدا کە من دورو نزیك ئاگام لێ نییە تا ئەو کاتەی کە برادەرێکم بە تەلەفۆن ئاگاداری کردمەوە، چەندین درۆی شاخدار بەناوی منەوە بڵاو کراوەتەوە وەك ئەوەی کە لە هەواڵەکەدا هاتووە (تاوەکو ئیستا چەند کەسیان لە ژێر ئەشکنجە کۆشتوە وە خۆی (عەمیدچەتۆ) وپولیسەکانی چەند ئافرەتی ئەو ناوچەیان بە زۆر تەعەدای ناموسیان کردوەتە سەریان) جگە لەوەی ئەمە ئەسڵەن لە بنەڕەتدا ڕاست نییە، بەڵام من بۆ هەموو خوێنەرانی ڕوون دەکەمەوە کە هەر لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو هەڵمەتەدا چوومە ناوچەی تبج و لەو گوندە چاوم بە چەندین ژن و پیاو کەوت کە بە بەڵگەی دەنگی لامە ئەو پەڕی لە هێزەکانی پۆلیسی گەرمیان ڕازیی بوون و تەنانەت لە ڕێگەی ئەو کەناڵەی کە کارم بۆ دەکرد داوایان دەکرد کە پۆلیسی گەرمیان ناوچەکەیان چۆڵ نەکات چونکە لە گەڵ ئەواندا هەست بە ئارامی دەکەن، تەنانەت یەکێك لە ئافرەتەکان ئاماژەی بەوە دەکرد کە پۆلیسی گەرمیان دوای پاککردنەوەی ناوچەکە توانیویانە (ئەخلاق و ناموس) یان بکڕنەوە نەك وەك ئەوەی کە کوردستان پۆست پێچەوانەکەی بڵاو دەکەنەوە.
لە بەشێکی تری ئەو هەواڵە هەڵبەستراوەدا هاتووە (ناوەرووکی ئەم راپورتەم دوای چوڵکردنی ئەو هیزە دەس کەوت کە لە ناوچەی تبج بوون بۆیە دوای چولبونی ئەو ناوچە هاولاتی گوندیکی ئەو ناوچەم بینی و ووتی خەڵکی گوندەکان زۆر بیزارکرابون وە تەنانەت پیاویکی بە تەمەنی گوندی شاغات کە لە تبج باسی ئەوەی ئەکرد کە بە زۆر س مانگ دیوەخانەکەیان داگیر کردوە وە بە زۆر شەو ژنەکەی خراپ کردوە وە ووتوویەتی باسی هەرچی بکەیت ئە کوژرێت وە ئەمەتەنها نمونەیکە وە ئەو پیاوە ئیستاش کە پولیسی گەرمیان نەماوە لەو ناوچە ەر ئەترسیت ووتی من کوردم زۆر خۆش دەویست بەس بلی چی کوردیکی وەک چەتوو ناوی کورد ناشیرین ئەکات) ئەمە لە کاتێکدایە کە من تەنها یەك جار چومەتە تبج و ناوچە دەشتاییەکانی جەلەولا کە سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەی پۆلیسی گەرمیان بوو.
کۆتایی نوسینەکەشی بە وتەی پۆلیسێك هێناوە کە گوایە من چاوم بەو پۆلیسە کەوتووە و نوسیویەتی (پولیسیکی هیزەکەی عەمید چەتوو باسی ڕووداوەکەی ئەو ڕۆژانەی کرد کە لەویبوون ووتی هەرکەسگیرایە لە ڕەشبگیریدا چەند کەسیکمان هەلئەژارد بۆئەوەی بە زۆر دان بە تاواندا بنین وە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمان ووت یا ئە بێ بلین ئەوەندەمان کۆشتوە یان ئیستا ژنەکانتا دینین خراپیان ئەکەین یان هەر بە زۆری لیدان ئەیان ووت ئەوەندەمان کۆشتوە. پولیسەکە رووداوی زۆر سەیری لابوو ووتی زوریک لەوانە کە دەمانگرن ئەماندان لە کارەبا وە بە کیبل و دار بەردەبووین تیان تاوەکو خومان بیتاقەت ئەبوین) من ئەو شتانەم تەنها لە کتێبێکدا خوێندووەتەوە کە سەدان ساڵ لەمەو پێش کریستۆفەر کۆلۆمبس لە کاتی دۆزینەوەی قارەی ئامریکادا بەرامبەر بە هیندییە سورەکانی کردووە نەك لەم زەمەنەداو سەرکردەیەکی سەربازی ئەو کارە بکات کە بەردەوام چاوی مافی مرۆڤ و زوومی کامێرای ڕۆژنامەنووسان و میداکانی لەسەرە، من بۆ خۆم زانیاری ئەوەم لایە کە تۆمەتباریان گرتووە بە هۆی نەخۆشییەوە ئازادیان کردووە تەنها لە بەر ئەوەی نەك لەلای ئەوان شتێکی بەسەر بێت و دواتر مافی مرۆڤ و میدیاکان تاوانی ئەوەیان بدەنە پاڵ کە لە ژێر ئەشکەنجەدا خەڵکیان کوشتووە.
بە ڕاستی درۆو قسە هەڵبەستراوەکانی ئەو هەواڵە بە ناوی منەوە توشی سەر سوڕمانی کردم نازانم بەرژەوندی ئەو کەسە یان کوردستان پۆست لە چیدایە کە بەناوی منەوە وەها شتێك دەداتە خوێنران وە لێرەوە بە هەموو ئەو کەسانە دەڵێم کە من دورو نزیك پەیوەندیم بەو هەواڵەوە نییەو شەش مانگیش دەبێت ئەو سایتەم نەکردووتەوە.
داواکارم لە پۆلیسی گەرمیانش کە ڕوونکردنەوەی خۆیان سەبارەت بەو هەواڵە بۆ هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەبێت

گەرمیان حەمەخان ڕۆژنامەنووس

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.